# The level of Well Bing during studying at university among students of Koya University – Faculty of Education as an example

Shahen Rawf Awla
Department of Education and Psychology, Faculty of Education, Koya university, kurdistan Region, Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.20*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The aim of this research to show level of wellbeing in university studies among students Faculty of Education in general, investigating gender differences in their level of wellbeing in study university, education compare the departments of the Faculty of Education in their level of wellbeing in university studies among Students, the researcher relied on quantitative descriptive method and obtained the data through survey form The population of this study is faculty of education students(1110) and the sample consists of(199) students were selected randomly stratified. Data collection tool survey prepared by researcher herself It excluded all psychometric properties from reliability, validity and discriminant for the measure, The most important statistical tools used in the statistical database for social sciences are (One Sample T Test,ANOVA,Mean,SD). The results showed that students Faculty of Education are wellbeing in university studies, there is no statistically significant difference between Mel and female in their wellbeing with study university, education Departments faculty of Education has a higher level of wellbeing, The English department has a higher wellbeing than the geography and Kurdish departments. The departments of education psychology and English have same levels wellbeing in studies of university. finally, several suggestions and recommendations were mad.*

***Keyword**: wellbeing, studies, university, students, Departments faculty of Education.*

# ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆییدا لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە- فاکەڵتیی پەروەردە وەک نموونە

شەهێن رۆوف عولا

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆییدا لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی، دەرخستنی جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی ئاسوودەییان لە خوێندنی قۆناغی زانکۆدا، بەراوردی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردەیە لە ئاستی ئاسوودەییان لە خوێندنی قۆناغی زانکۆدا، توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی-بەراوردکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتوە لە سەرجەم خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە لە دەوامی بەیانیان کە ژمارەیان (١١١٠) خوێندکارە (١٩٩) خوێندکار وەک نموونە بە شێوەی هەڕەمەکیی چینایەتیی گونجاو هەڵبژێردران، لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازی تایبەت کە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر و سەرجەم تایبەتمەندیە سایکۆمەتریەکان لە ڕاستگۆی و جێگیری و توانای جیاکاری بۆ پێوانەکە دەرکردوە لە ڕێگای بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان گرنگترین ئامرازە ئاماریە گونجاوەکان سوودیان لێوەرگیراوە بریتین لە (One Sample T Test, ANOVA, Mean, SD) ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریانخست کە خوێندکارانی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە ئاسوودەن لە خوێندنی زانکۆییدا، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری بەدیناکریت لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاسوودەییان لە خوێندنی قۆناغی زانکۆیدا، بەشی ئینگلیزی ئاسوودەترن بەراورد بە بەشەکانی (جوگرافیا و کوردی)، خوێندکارانی بەشی (پەروەردە و دەروونزانی و ئینگلیزی) هەمان ئاستیان بۆ ئاسوودەی لە خوێندنی زانکۆدا هەیە، خوێندکارانی بەشەکانی (خوێندنی ئاینی و پەروەردە و دەرونزانی) لە ئاسوودەییان بۆ خوێندنی زانکۆ هاوتایە، بەشی (جوگرافیا و کوردی هەمان ئاستیان لە ئاسوودەییدا هەیە.

لەژێر ڕۆشنای ئەنجامەکاندا توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** ئاسوودەیی, خوێندن, زانکۆ, خوێندکاران, بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە.

# ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆییدا لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە- فاکەڵتیی پەروەردە وەک نموونە

پێشەکی:

وڵاتان ئەمڕۆ بە پێشبڕکێیەکی زۆر خێرادا تێدەپەڕن بە جۆرێک هەر وڵاتێک دەیەوێت بە داهێنانێکی ناوازە خۆی بسەلمێنێت، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە بناغەی پەروەردە و فێرکردنی باش بێت و بەشەکانی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هەلی کار بن لە بازاڕدا، لەبەرئەوە هەوڵیانداوە ئەو بەشانەی کە دەوری کارایان هەیە، لە بوارەکانی کەرتی تایبەت یان کەرتی گشتی گرنگی زیاتریان پێبدرێت، یاخود پرۆگرامی بەشەکانیش بەجۆرە کلاسیکیەکەی چەند ساڵە نەمێنێت و دووبارە هەمواری بابەتەکانی بکاتەوە، ئەوەی دەزانرێت زانکۆش دەزگایەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانمان لە سەر بنەمای بەها کۆمەڵایەتیەکان، لەبەرئەوە گرنگە ئامراز و کەرەستەکانی بە شێوەیەک بن بتوانرێت پەروەردەیەکی تەندروست بهێننەئاراوە (جودت،٢٠١٤، لا. ٤٨٩). بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەکرێت بڕیارێکی کاریگەر بێت لە ژیانی تاکدا، چونکە دەرگایەک دەبێت بۆ ئەوەی پیشەیەک بەدەستبهێنێت و ئەو زانیاریانەی بە شێوەی تیۆریی وەریگرتوە لە پیشەکەیدا ڕەنگبداتەوە و بەلێهاتووییانە ئەدایبکات. سیستەمی پەروەردەی نوێ جەختدەکاتەوە لەسەر گۆڕانکاریی ڕۆڵی خوێندکار بۆئەوەی ڕۆڵێکی کارایی هەبێت بەوەی کە هۆکاری فێرکردنی جۆراوجۆر دەخاتەبەردەست تا لەگەڵ توانا و لێهاتووییەکانی بگونجێت، ئاڕاستەکان لە دەروونزانیدا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک هەست و بیروباوەڕ و ڕەفتار بەرانبەر بە شتێک، بابەتێک یان ڕووداوێکی دیاریکراو، زۆرجار ئاڕاستەکان دەرئەنجامی ئەزموون یان پەروەردەکردنن و کاریگەریی بەهێزیان لەسەر ڕەفتار هەیە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لە دۆخە جیاوازەکان ئاڕاستەکان بەردەوامن و دەکرێت گۆڕانکارییان تێدا ڕووبدات (Cherry,2023).

**کێشەی توێژینەوە:**

خۆگونجاندن لەگەڵ پسپۆڕیەک لە ئایندەدا دەتوانرێت سەرچاوەی داهات بێت، ئەگەر خوێندکار ئاسوودە نەبێت لە خوێندنی زانکۆییدا کێشەیە و دەبێت لە هۆکار و دەرەنجامەکانی بکۆڵدرێتەوە، بەهۆی سیستەمی وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا زۆرجار حەزی خوێندکار ڕەچاوناکرێت، ئەمەش هەستکردن بە ناڕەحەتی لای تاکی وەرگیراو لە زانکۆ دروستدەکات، چونکە خوێندن لە پسپۆڕیەکەی وەک توانەوە لەناو ئەو بابەتانە نابینێتەوە کە حەزی خۆی تێدا بێت، بەڵکو تەنها وەک چاولێکەری و ڕازیکردنی دڵی دەوروبەرەکەی چوار ساڵ لە خوێندنی زانکۆ ڕادەکێشێت،

کاتێکیش کە زانکۆ تەواودەکات وەک بارێک بەسەر خێزان و کۆمەڵگاوە دەبێت، چونکە هیچ سوودی لە پسپۆڕیەکەی وەرنەگرتوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان و دۆزینەوەی پیشە، دەرئەنجامی توێژینەوەی (عولا، ٢٠٢٢) کە لە زانکۆی کۆیە ئەنجامیدابوو دەریخست کە خویندکارانی قۆناغی یەکەم ئاراستەیان ئەرێنیە بۆ پسپۆڕییان و خوێندکارانی قۆناغەکانی تر ئاڕاستەیان نەرێنیە بۆ پسپۆڕیەکەیان، واتە جیاوازی هەبوە لە نێوان خوێندکاران لە ئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕیی خوێندنیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ئەو چەند ساڵە خوێندن لە پسپۆڕیەک وای لە خویندکار نەکردوە کە پسپۆڕیەکەی خۆشبوێت و ئاسوودە بێت لە خوێندنی زانکۆیدا (عولا،٢٠٢٢، لا. ٩٤-٩٥)  هەروەک لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی تر ئەم بابەتە وەک کێشەیەک دەرکەوتوە، کە خوێندکاران لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ئاراستەیەکی ئەرێنییان نیە بۆ پسپۆڕیی خوێندنیان و حەزیان هەیە دەرفەتیان پێبدرێت، پسپۆڕیی خوێندنیان بگۆڕن، ئەمەش دەریدەخات کە خوێندکاران ڕازی نین لەو پسپۆڕیەی کە لێی وەرگیراون (الجبوری، ئەوانی تر،٢٠١٢،لا. ١٦)، ئاسوودەنەبوون لە خوێندنی زانکۆدا سەرچاوەی وروژاندنی توێژەرە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، ئەمەش لەوەوە هاتوە هەستی کردوە خوێندکاران وا دەردەکەون ئاسوودەنین لە خوێندنی زانکۆییدا و بەشێکی خوێندکارانیش گلەیی دەکەن کە هەست بە ئاسوودەی ناکەن و نزا دەکەن هەرچی زووە لە زانکۆ تەواو بن، چونکە زۆرێک لە خوێندکاران وا سەیری خوێندنی  زانکۆ دەکەن دۆخێکی وەرس و بێزارکەرە، هەرچەند بەشێکی تری خویندکارانیش ئاماژەیان بە ئاسوودەیی کردوە لە خوێندنی زانکۆییاندا. ئەمەش هانی توێژەری دا بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی ئەکادیمی بۆ ئەو پرسیارە (ئایا خویندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە ئاسوودەن لە خوێندنی زانکۆیدا؟).

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

ئەوەی هەستیپێدەکرێت لە ئێستادا ئاسوودەیی  یەکێکە لەو بابەتانەی سەرنجی توێژەرانی وڵاتانی دەوروبەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئاسوودەییش لە خوێندنی زانکۆیدا یەکێکە لەو گۆڕاوانەی ئەمرۆ پێویستە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان گرنگی پێبدرێت، ئاسوودەیی تاکەکان  بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێک دەبەن تاکو هەست بە تێربوون بکات بۆ زۆرێک لە پاڵنەر و پێداویستیە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی (Huber & Hutchings, 2005,p. 99). کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵادا پێکهاتەیەکی جیاوازە لەکەرتەکانی تر بەمجۆرە چەندین لێکۆڵینەوە هەوڵیان دا بەرزتر بپێون کوالیتی خوێندن لە چاوی خوێندکارانەوە یەکەیەکی دەروونی بنچینەییە و پەیوەستە بە بیرو باوەڕی تاکەکان ئەوەش واڵە تاک دەکات  بەشێوەیەکی تایبەت ڕەفتارێکی

دیاریکراو ئەنجامبدات کە پەیوەست بێت بە بابەتێک یان شتێک(Abdullah,2006, p. 9) کاریگەریی سەرەکی دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاسوودەیی بە شێوەیەکی ڕوون لە کەسێتی تاکدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەک لە توێژینەوەی (Said & Malik, ٢٠١٣ ) ئاماژەیان کردووە ئاسوودەیی ڕۆڵ دەگێڕێت لە دروستبوونی خۆشەویستی بۆ ئەو شوێنەی تاک تێیدا دەحەسێتەوە کە بە قۆناغی جۆراو جۆردا تێدەپەڕن ئەوەش لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی ئاسوودەیی لە کاتی منداڵییەوە تاکو پێگەیشتن و مردن گرنگی باری دەروونییە بەڕوونی لە کەسێتی تاکەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە، هەروەها ئاسوودەیی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لە کۆکی و گونجانی دەروونی هەرئەمەشە گرنگی ئاسوودەیی زیاد دەکات چونکە یارمەتی تاکەکە دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەو بەربەست و ناخۆشیەکان هەڵبکات.

(Said & Malik, 2013, p.450). لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا ئاماژە بە گرنگی گەشەپێدانی کەسی" ڕەهەندێکی دیکەیە کە وەک یەکێک لە پێکهاتە بەرچاوەکانی کوالیتی ژیانی زانکۆ سەیردەکرێت" پێشنیاری ئەوە دەکەن، ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن زانکۆوە پێشکەش دەکرێن دەبێت یارمەتیدەر بن بۆ گەشەپێدانی خوێندکاران لەڕووی زانیاری، "بەها"وە دەبێ وەک پێوەرێک بۆ کوالیتی سەیربکرێت، ئاسوودەیی گۆڕاوێکە بە ناو هەموو بوارەکانی ژیان دا بڵاو بۆتەوە و یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە لە فێربوونی هەر کارامەییەی نوێ یارمەتی دەردەبێت چونکە ئەگەر خوێندکاران ئاسوودەبن لە خوێندنی زانکۆییاندا ئەوا ئارەزووی تیکەڵاوی و قسەکردنیان لەگەڵ هاوڕێ و مامۆستاکانیان زیاتر دەبێت بە هاوکاری ئەوان واتە بە هەماهەنگی بەرکەوتنیان دەبێت بۆ فێربوونی کارامەییەکی نوێ ( Stodnick & Rogers, 2008, p.120).بە شێوەیەکی گشتی ئاسوودەیی پەیوەستە بە تەندروستییەوە زۆر جاریش ئەو دوو زاراوەیە پێکەوە بەکار دەهێنرێن، لە ڕاپۆرتێکدا لە ساڵی (٢٠١٢) بڵاو کرایەوە لەسەر تەندروستی و لایەنی کۆمەڵایەتی لە لای گەنجان دەرکەوت چوارچێوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژین و بەها کۆمەڵایەتیەی پشتی پێدەبەستن هۆکارێکە لەسەر هەستکردن بەئاسوودەییان ( Currie, et al, 2012, p. 26).

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- زانینی ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆیدا لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بە شێوەیەکی گشتی .

٢- زانینی ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆیدا لای خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەروەردە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٣- زانینی ئاستی ئاسوودەی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆیدا لای خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەروەردە بەپێی گۆڕاوی بەشی خوێندن.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە دیاری دەکرێت بە خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروردە زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندن ٢٠٢٣-٢٠٢٤ دەوامی بەیانیان.

**پێناسەکردنی زاراوەکان:**

ئاسوودەیی هەر شتێک دەگرێتەوە کە هاندەری ئارامی، باشی، یان خۆڕازیبوون بێت و هەروەها ئاسانکاری جەستەیی(عبدالخالق واخرین,٢٠٠٣).

**ئاسوودەیی لە ڕوانگەی (Oxford dictionary ,2015)**: دۆخی ئاسوودەبوون، تەندروستبوون، یان دڵخۆشبوون" دەتوانرێت بەو شێوەیە تێبگەین مرۆڤەکان چۆن هەست دەکەن و چۆن کاردەکەن، لەسەر ئاستی کەسی و ئاستی کۆمەڵایەتی، چۆن ژیانی خۆیان بە گشتی هەڵدەسەنگێنن. (Colman,2015:474)

**ئاسوودەیی لە ڕوانگەی فەرهەنگی (APA Dictionary,2018)**: بارێکی دڵخۆشی و ڕازیبوون، لەگەڵ کەمیی ناڕەحەتی، تەندروستیی جەستەیی و دەروونی، ڕوانگەی باش، یان کوالیتیی ژیانێکی باش (Vandenbos,2018: 1017).

**پێناسەی ڕێککاری ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆییدا:** تێکڕایی ئەو نمرانەیە نموونەی تویژینەوەکە بەدەستیدەهێنن، دوای وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوانەی ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆییدا، کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە.

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:-**

لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر لایەنی بیردۆزی سەبارەت بە چەمکی ئاسوودەیی:

دیارە چەمکی ئاسوودەیی لایەنێکی گرنگیی ژیانی تاکە و هەستکردن بە ئاسوودەیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر لایەنی تەندروستیی دەروونیمان و گونجانمان لەگەڵ هەلومەرجە جیاوازەکان. هەستکردن بە ئاسوودەیی دەبێتە هۆی بەرزیی ئاستی ئاواتخوازی و بەدەستهێنانی ئەکادیمیش بەرزدەکاتەوە، لە بیردۆزەی ئاسوودەیی ڕاستەقینە، کە ئاسوودەیی لە چەمکەکانی ژیانی چێژبەخشە، ئەوەش لە بڕگەکانی پێوانەکەدا دەردەکەوێت وەک ئەو بڕگەیەی بە تەواوی ئاسوودەم کە لەم زانکۆیەم و پارکی زانکۆم زۆر لام سەرنجڕاکێشە، سەبارەت بە چەمکی ئاسوودەیی پەیوەست بە کار و چالاکیی خوێندکاران وایدەبینن خوێندن لەو زانکۆیە دەرفەتی

دۆزینەوەی کاریان بۆ ئاساندەکات. بیردۆزی ئاسوودەیی گشتیش که خاوەنەکەی ڤینهۆڤنە ئاسوودەیی پەیوەستکردوە بە کوالیتیی ژیان، لەم تویژینەوەیەش گرنگی دەدرێت بە کوالیتیی ژیان لە چەندین ڕوانگەوە، وەک ئایندەی تاک و شوێنی پشووی، بەهای پێداویستیەکانی ژیان.

**بیردۆزی ئاسوودەیی ڕاستەقینە (Authentic wellbing)** ئەم تیۆریە لەلایەن مارتن سێلیگمان (Seligman, 2002) ئامادەکراوە، بە شێوەیەکی زانستی ڕاڤەی بۆ ئاسوودەیی کردوە، بە گوێرەی ئەم بیردۆزە ئاسوودەیی سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە (ژیانی چێژبەخش، ژیانێکی پڕ لە کار و چالاکی، ژیان پەیوەست بە مانا) پێکهاتەی یەکەم و دووەم پەیوەستە بە خودی ژیانی تاک، بەڵام پێکهاتەی سێیەم ئاسوودەیی شتێکی گرنگتر و گەورەترە لە چێژەکانی تاک. (Seligman &Rozyman, 2003, p. 2)

**بیردۆزی ئاسوودەیی گشتی** (Overall wellbing) ڤینهۆڤن پێیوایە ئاسوودەیی دەروونی یەکێکە لەو ڕەهەندە سەرەکی و بنەڕەتیانەی لە چەمکی کوالیتیی ژیاندا هاتوە، و ئاسوودەیی دەروونی ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنێکی تایبەتە بۆ تاک بە حوکمدان لەسەر کوالیتیی ژیان، لە ڕوانگەی خۆیەوە و بە هەموو لایەنە مەعریفی و سۆزداری و کۆمەڵایەتیەکانیەوە دەژی و چێژی لێ وەردەگرێت. جەخت لەوە دەکاتەوە جیاوازیی نێوان ئاسوودەیی دەروونی و بەختەوەری جیاوازیەکی گەوهەریە ئاماژەی بەوەشکرد، ئاسوودەیی دەروونی پرۆسەی دەروونی لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا چەمکی بەختەوەری زیاتر پرۆسەی سۆزداری لەخۆدەگرێت، هەستکردن بە ئاسوودەیی تاک بەندە بە ئامادەکاریە کەسیەکانی خۆی، وەک (کارایی، سەربەخۆیی و کارامەیی کۆمەڵایەتی) بۆیە حاڵەتێکی دەروونی و سۆزداریە، دەتوانرێت لە مەزاجەوە دەربکەوێت بۆ تاک (Veenhoven, 2003,p. 128). ئاسوودەیی دەروونی بەپێی ئەم تیۆریە لەم توخمانەی خوارەوە پێکهاتووە:

أ- بوار ڕەخساندن بۆ تاک: ئاماژەیە بۆ توانای تاک لە تێرکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی و چێژوەرگرتن بەهۆی بارودۆخی دەوروبەریەوە.

ب- جۆری کۆمەڵگای خۆی: ئەو کۆمەڵگایە تاک تێیدا دەژی و ئەو خزمەتگوزاریانەی ئەم کۆمەڵگایە پێشکەشی دەکات ژیانی تاک ئاسان دەکات.

ج - ئەرکی کۆمەڵایەتیی تاک لەناو کۆمەڵگادا: ئەو ڕەفتارەیە لە ئەنجامی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە دێتە ئاراوە تاک لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا ئەنجامی دەدات تێیدا دەژی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەستکردنی تاک بە باشترکردنی لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکان و

فێربوونی تەکنیکەکانی گونجان و وەرگرتنی دیدگای باشتر، بەردەوامی ئەدای کارکردن وەک شێوازێکی ژیان و دابینکردنی پێداویستیەکانی تاک (Block,1995, p. 233).

- **جۆرەکانی ئاسوودەیی لە ڕوانگەی (داڤیس):**

١. ئاسوودەیی ئەکادیمی. بریتیە لە ئەزموونکردنی چالاکیی داهێنەرانە و چێژوەرگرتنە لە فێربوون. (Bornman&Donohu, 2021, p. 9)

٢. ئاسوودەیی سۆزداری. توانای پراکتیزەکردنی تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی فشار و پشوو، خۆڕاگری، بەرزکردنەوەی خۆشەویستی خۆت و دروستکردنی ئەو هەستانەی دەبنە هۆی هەستێکی باش.

٣. ئاسوودەیی جەستەیی. توانای باشترکردنی کارکردنی جەستە لە ڕێگەی ژیانی تەندروست و خووی وەرزشیی باش.

٤. ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی. توانای پەیوەندیکردن، پەرەپێدانی پەیوەندیەکی مانادار لەگەڵ کەسانی دیکە، و پاراستنی تۆڕێکی پشتیوانی کە یارمەتیت دەدات بەسەر تەنیایی زاڵ بیت.

٥. ئاسوودەیی شوێنی کار توانای بەدواداچوونی بەرژەوەندی و بەها و ئامانجی ژیان بۆ ئەوەی لە ڕووی پیشەییەوە مانا و دڵخۆشی و دەوڵەمەندبوون بەدەستبهێنیت.

٦. ئاسوودەیی جەماوەری. توانای بەشداریکردنی چالاکانە لە کۆمەڵگە و کلتوور و ژینگەیەکی گەشەسەندوودا (Davis, 2019, p. No).

**هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئاسوودەیی:**

١. دانان بەو تواناياناەی مرۆڤ خاوەنیەتی و سنووری ئەو توانایانە، ڕازیبوون لێیان و ژیان لەسەر بنەمای ئەوان؛

٢. ئەرێنی بەرانبەر بە کەسانی تر، دەربڕینی خۆشەویستی لە هەر کات و شوێن و کاتێک و گرنگیدان بە سەرسامی یان ڕەتنەکردنەوەی خەڵک.

٣. چەسپاندنی ئیمان بە خودا و بە چارەنووس و چارەنووسی خودا، جێبەجێکردنی هەموو ئەرکەکان و دوورکەوتنەوە لە هەموو قەدەغەکراوەکان، نزیکبوونەوە لە خودا بە کردەوەی چاک، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا، بەردەوام خوێندنەوەی زیکرەکان، داوای لێبووردن و کردەوەی چاکە، و هەستکردن بە چاودێریکردنی خودا بە نهێنی و لە شوێنی

گشتیدا. هەموو ئەمانە ئارامی و بەختەوەری و باوەڕێکی تەواو لە ڕۆحی مرۆڤدا دەچێنن هەموو شتێک مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت لەلایەن خوداوە باشە (Wenry,2023: No)

٤. کاتێک هەڵەیەک دەکەیت داوای لێبوردن بکە و دان بەوەدا بنێ. ئەمەش ئاسوودەیی و دڵنیایی بە تاک دەبەخشێت، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕۆحی ئەوانی دیکە بەرانبەر بە خۆی بەجێدەهێڵێت، جگە لە تێڕوانینی تاک بەرانبەر بە خۆی، چونکە دوورکەوتنەوە لە خووی نەرێنی، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خووی نوێ و ئەرێنی، بەختەوەریی دەروونی بە خۆی دەبەخشێت، مامەڵەکردن و بیرکردنەوە لە سنووری ئەم خووەدا، هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە و پراکتیزەکردنی ژیان و قەناعەت بە خۆهێنان ئەوە ڕەفتاری دروستە، بەکارهێنانی لە پرۆسەی فێربووندا بەسوودە لە چەسپاندنی سیفەتە دروستەکاندا (Mubarak&Pierewan,2020: 19).

٥. پێشبینی نەکردنی هەواڵی ناخۆش، ژیان لە حاڵەتی ترس لە نادیار و دڵەڕاوکێی بەردەوام لە ڕوودانی کارەساتێک و بەمجۆرە بیرکردنەوەی تاک بەرەو ئەم کارەساتە دەبات، ئەمە جگە لە ڕەشبینی، بەردەوامیی زیاتر و لەدەستدانی ئاسوودەیی دەروونی. بنیادنانی بناغەیەکی دەروونیی تۆکمە لە بەرانبەر بیرکردنەوە نەرێنیەکان سەقامگیریی دەروونی و ئاسوودەیی تاک تێکبدات. و سەرکەوتن، و چێژوەرگرتن لە هەموو شتێک جوانە، و پشتگوێخستنی هەموو شتێکی خراپ.

٦. تاک ئامانجی خۆی لە ژیاندا دیاریدەکات، و ئەو ئامانجەی هەوڵی بەدەستهێنان و گەیشتن پێی دەدات؛ بوونی ئەم ئامانجە ڕێڕەوی ژیانی تاک دیاریدەکات، ئاستی پاڵنەرەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەرز دەکاتەوە، هەروەها ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویدەبێتەوە تێیدەپەڕێنێت، ژیان بەبێ ئامانج وا دەکات تاک ببێتە کەسێکی ونبوو. (السيد،٢٠٢٢: نییە)

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم/ توێژینەوەی (عبدالمطلیب،٢٠٢٣)** بە ناونیشانی ئاستی هەستکردن بە ئاسوودەیی لای خوێندکارانی زانکۆ دوای پەتای کۆڤید-١٩ بە پێی هەندێک گۆڕاو، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ئاستی هەستکردن بە ئاسوودەیی لای خوێندکارانی زانکۆ دوای پەتای کۆڤید-١٩ بە پێی هەندێک گۆڕاو، ڕێبازی توێژینەوەکەی وەسفی (بەراوردکار)ی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (٢٣٧) خوێندکار، پێوانەی (هێلز و ارجل٢٠٠٢ ئاسوودەیی دەروونی) بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخست کە هەستکردن بە ئاسوودەیی نزمە

بە جۆرێک لە (٣٢٪) ی خوێندکاران جاروبار هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و (٢٣٪)ی خوێندکاران بە دەگمەن هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و (٤٤٪)ی خوێندکاران هەندێکجار هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. هەروەها دەریخست جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نیە لە هەستکردن بە ئاسوودەیی و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان (ئاستی ئابووری، باری دەروونی، باری تەندروستی، کێشی جەستە).

**دووەم/ توێژینەوەی (سليم و عزيز، ٢٠١٨)** بە ناونیشانی ئاسوودەیی دەروونی لە زانکۆ بە گوێرەی هەندێک گۆڕاوی دیمۆگرافی، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوە لە ئاشکراکردنی ئاستی ئاسوودەیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ، دۆزینەوەی ئاسوودەیی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و پسپۆڕیی خوێندن، نموونەی توێژینەوەی پێکهاتبوو لە (٤٠٠) خوێندکار (٢٠٠ نێر)(٢٠٠مێ) بە شێوەی هەڕەمەکی چینی هەڵبژێردرابوون. توێژەران پێوانەی ئاسوودەییان ئامادەکرد سوودی لەم تەکنیکە ئاماریانە وەرگرتوە (پێوانەی تائی بۆ یەک گرووپ و دوو گرووپ، ئەنۆڤا) ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخست کە خوێندکارانی زانکۆ ئاسوودەن، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری بەدیناکرێت لە نێوان ئاسوودەیی دەروونی و گۆڕاوی ڕەگەز، گۆڕای پسپۆڕیی خوێندن.

**سێیەم/ توێژینەوەی (الزوبيدي،٢٠١٧ )** بە ناونیشانی ئاسوودەیی دەروونی و پەیوەندی بە هۆشیاریی خودی لای خوێندکارانی زانکۆ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە ئاشکراکردنی ئاستی ئاسوودەیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی، دۆزینەوەی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئاسوودەیی دەروونی و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی ڕەگەز، پسپۆڕیی زانستی و مرۆیی، نموونەی وەرگیراو (٢٠٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری ڕاپرسی ئاسوودەیی دەروونی (الزوبيدی) ئامادەی کردبوو، و پێوانە و هۆشیاریی خودی (غولي) بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە خوێندکارانی زانکۆ ئاسوودەیی دەروونیان بەرز بوو، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان ئاسوودەیی دەروونی و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی ڕەگەز، پسپۆڕی، ئامرازی ئاماری ( Mean, SD,T–Test, Person).

**چوارەم/ توێژینەوەی رباعی(٢٠١٤)** بە ناونیشانی هەستکردن بە ئاسوودەیی و پەیوەندی بە پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی لای کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان هەستکردن بە ئاسوودەیی و پێنج فاکتەرەکەی کەسایەتی، ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی – شیکاری بوو، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە ٣٨٤٣ خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری و کۆلێژی پەروەردە، نموونەی توێژینەوەکە

پێکهاتبوو لە (٧٦٦) خوێندکار. پێوانەی ئۆکسفۆرد(٢٠٠٢) تەکنیکە ئاماریەکان (ئەلفا کرۆنباخ، لایەنێکی سپیرمان براون، هاوکێشەی پیرسن، هاوکێشەی تائی، ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە هەبوونی پەیوەندیەکی ئەرێنیی بەهێز لە نێوان فاکتەرەکانی (دەرەوەیی و کراوەیی و میهرەبانی و ویژدان زیندوویی) و پەیوەندیەکی پێچەوانەی لە نێوان هەستکردن بە ئاسوودەیی و فاکتەری دەمارگیری هەیە.

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی توێژینەوە کۆمەڵێک ڕێگا یان شێوازە توێژەر لە ڕێگەیەوە هەموو زانیاریەکانی دەربارەی (کۆمەڵگا، نموونە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، تەکنیکی ئاماری) توێژینەوەکەی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەوەش ئاشکرایە میتۆدەکانی توێژینەوە زۆرن و جۆراوجۆرن. ئەمەش بەهۆی هەمەچەشنیەکی زۆری ئەو دیاردانەی کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدان (العمراني، ٢٠١٣: ٩٢).

**میتۆدی توێژینەوە**/ میتۆدی توێژینەوە وەسفی (بەراوردکار)ی بەکارهێنراوە، چونکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە گونجاون.

**کۆمەڵگای توێژینەوە**/ سەرجەم خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردەیە لە دەوامی بەیانیان لە قۆناغەکانی (١-٢-٣-٤) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) کە ژمارەیان (١١١٠) خوێندکار بوو دابەش بوون بەسەر(٧) بەش و چوار قۆناغ، توێژەر داتای کۆمەڵگای توێژینەوەکەی لە یەکەی ئاماری سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە وەرگرتوە، وەک لە خشتەی (١) دیارە

خشتەی (1)

کۆمەڵگای توێژینەوە

| ژ | ناوی بەش | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|
| 1 | خوێندنی ئاینی | 115 |
| 2 | پەروەردەو دەروونزانی | 76 |
| 3 | جوگرافیا | 174 |
| 4 | مێژوو | 151 |
| 5 | عەرەبی | 147 |
| 6 | کوردی | 218 |
| 7 | ئینگلیزی | 229 |
| کۆی گشتی | | 1110 |

**نمونەی توێژینەوەکە**: پێکهاتبوو لە (١٩٩) خوێندکار بە شێوەی هەڕەمەکی چینی گونجاو هەڵبژێردرابوون، ئەم ژمارەیەش ڕێژەی (١٨%)ی کۆمەڵگا گشتیەکە بوو، بۆ ڕێژەی نموونەی بەشەکان سوودوەرگیرا لە یاسای (کۆی ژمارەی چینەکە/ ژمارەی کۆمەڵگاXژمارەی نموونە

سەرەکیەکە) (عاشور، ٢٠٠٨: ١٦٥) بۆ نموونە بەشی ئینگلیزی ( ٤١=١٩٩X١١١٠/٢٢٩ ) خشتەی(٢) نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی (2)**

**نموونەی توێژینەوە**

| ژ | ناوی بەش | ژمارەی خوێندکاری هەڵبژێردراو |
|---|---|---|
| 1 | خوێندنی ئاینی | 21 |
| 2 | پەروەردەو دەروونزانی | 14 |
| 3 | جوگرافیا | 31 |
| 4 | مێژوو | 27 |
| 5 | عەرەبی | 26 |
| 6 | کوردی | 39 |
| 7 | ئینگلیزی | 41 |
| | کۆی گشتی | 199 |

**پێوانەی هەستکردن بە ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆدا:**

لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بۆپێوانی هەستکردن بە ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆدا بە زمانی کوردی بۆ ئامادەکردنی پێوانەیەک ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گیرانەبەر:-

**ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە:**

ڕاپرسیەکی کراوە بۆ (٢٠) خوێندکار ئەنجامدرا لەلای نموونەیەک لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، پرسیارەکە بریتی بوو لە (وەک خوێندکارێکی زانکۆ ڕات چیە سەبارەت بە خوێندن لە زانکۆ؟ ئایا بە باشی دەزانی یان خراپ؟ چ شتێک لە زانکۆ زۆر بەلاتەوە سەرنجڕاکێشە؟ بە چەند خاڵێک ڕوونبیکەوە). دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توانرا (٣٨) بڕگە ئامادە بکرێت.

**گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوانەکەی گەڕایەوە بۆ خوێندنەوەی چوارچێوەیەکی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر توانی سوود لە دوو پێوانەی توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت، کە بریتی بوون لە، توێژینەوەی (عبدالمطلب، ٢٠٢٣) توانی بیرۆکەی(٦) بڕگەی لێوەربگرێت، هەروەها لە توێژینەوەی (Yalmaz, 2019) توانی بیرۆکەی (٦) بڕگەی لێوەربگرێت.

**دیاریکردنی ڕاستگۆیی (Validity):**

ڕاستگۆیی تایبەتمەندیەکی سایکۆمەتریە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئاستی پێوانەکردنی ئەو شتەی بە مەبەستی پێوانەکردنی دانراوە (عودة، ٢٠٠٥، لا. ١٨٣). بە چەند ڕێگەیەک ڕاستگۆیی بۆ پێوانەکە دەرهێنرا، وەک:

### ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: (Face-validity)

باشترین هۆکار بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی بڕگەکان بۆ بەکارهێنانیان ئەوەیە، کە چەند پسپۆڕێکی شارەزا خەملاندن بکەن بۆ ڕاستیەکەی لە پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەبێت بیپێوێت (Connell, et al., 2018, p. 1894)، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا برایە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان پاشکۆی (١)، پێوانەکە خرایە بەردەستی (10) شارەزا لەو بوارە، داوایان لێکرابوو ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەرگۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن، ئەو شارەزایانە پێشنیازی دروستکردنی چەند بڕگەیەکی ڕەفتارییان کرد، وەک بڕگەکانی (٧،٨)، لە پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی زیادکران و شارەزاکان پێشنیازی گۆڕانکاریی بژاردەکانیان کرد بۆ (هەمیشە-زۆرجار-هەندێجار-کەمجار-هەرگیز)، دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر مانەوەیان (٩٠٪) بوو، بەم شێوەیە لە کۆی (٥٠) بڕگە، (٢٨) بڕگە لابران، بریتی بوون لە بڕگەکانی (٤،٥،٦،٩،١٠،١١،١٣،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢٤،٢٥،٢٦،٢٧،٢٨،٣٠،٣١،٣٤،٣٥،٣٦،٣٧،٣٩،٤٠،٤٣،٤٥،٤٦،٥٠) هەروەها بەپێی پێشنیازەکانی پسپۆڕان گۆڕانکاری لە (١٥) بڕگەدا کرا، کە بریتیبوون لە بڕگەکانی (١،٧،٨،١٢،١٤،١٥،١٦،٢١،٢٣،٣٢،٤١،٤٢،٤٧،٤٨،٤٩) و (٧) بڕگە وەک خۆیان مانەوە بریتی بوون لە بڕگەکانی(٢،٣،٢٢،٢٩،٣٣،٣٨،٤٤) ڕێژەی سەدیی ڕەزامەندی شارەزایان بۆ بڕگەکانی پێوانەی ئاسوودەیی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا بریتیبوو لە ( ٨٦.٤).

### دیاریکردنی ڕاستگۆیی بنیادنان: (Construct Validity)

ڕاستگۆیی بونیادنان ئەنجامدرا بۆ پێوانەی ئاسوودەیی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆیدا لەسەر نموونەی سەرەتایی، کە پیکهاتبوون لە (100) خوێندکاری نێر و مێ، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) هاوکۆڵکەی پەیوەندیی پیرسن (Pearson) لە نێوان بڕگەکانی پێوانە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە، هەروەک لە خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (3)

ڕاستگۆی بنیادنان بۆ پێوانەی ئاسودەی خوێندکار لە خوێندنی زانکۆدا

| ژ. برگە | بەهای پەیوەندی پیرسن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ. برگە | بەهای پەیوەندی پیرسن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.321** | 0.001 | 12 | 0.554** | 0.001 |
| 2 | 0.442** | 0.001 | 13 | 0.355** | 0.001 |
| 3 | 0.347** | 0.001 | 14 | 0.520** | 0.001 |
| 4 | 0.526** | 0.001 | 15 | 0.398** | 0.001 |
| 5 | 0.428** | 0.001 | 16 | 0.447** | 0.001 |
| 6 | 0.556** | 0.001 | 17 | 0.536** | 0.001 |
| 7 | 0.500** | 0.001 | 18 | 0.426** | 0.001 |
| 8 | 0.572** | 0.001 | 19 | 0.523** | 0.001 |
| 9 | 0.389** | 0.001 | 20 | 0.511** | 0.001 |
| 10 | 0.336** | 0.001 | 21 | 0.485** | 0.001 |
| 11 | 0.581** | 0.001 | 22 | 0.550** | 0.001 |

( ** ) بەڵگەدارە لە ئاستی (0.01). ( * ) بەڵگەدارە لە ئاستی (0.5) .

لە ئەنجامدا دەرکەوت، هەندیک لە برگەکانی پێوانەکە پەیوەندیەکی بەهێزیان بە کۆی گشتیی پێوانەکەوە هەیە، بەڵام هەندێک لە بڕگەکان پەیوەندیەکەیان بە ئاستیکی ناوەندە بە کۆی گشتیی پێوانەکە بەمجۆرە هەر (٢٢) بڕگەکە مانەوە.

## توانای جیاکاریی برگەکان (Discrimination):

ئەم ڕێگەیە پشت بە جیاکاری دەبەستێت واتە برگەکە بتوانێت جیاکاری بکات لە نێوان تاکەکان ئەوانەی نمرەی بەرزیان هێناوە لە پێوانەکە، ئەوانەشی نمرەی نزمیان هێناوە لە پێوانەکە (کوافحة،٢٠١٠: ١٤٧). دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە لەسەر نموونەی سەرەتایی توێژەر نمرەی (١٠٠) خوێندکاری وەرگرت، نمرەکانی لەبەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە ڕێکخست،دواتر( ٢٧٪)لە نمرە بەرزەکانی وەرگرت، کە بریتی بوون لەنمرەی (٢٧)خوێندکارو( ٢٧٪)لە نمرە نزمەکانی وەرگرت، بریتی بوون لە نمرەی(٢٧)خوێندکار، بەمجۆرەش ژمارەی خوێندکاران لە هەردووکۆمەڵەکە پێکەوە(٥٤)خوێندکار بوون. دوای بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری( Independent Sample T-Test) بۆ ئاشکراکردنی بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوانیان، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای (t) (١٧.٨٦) بوو، لەئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠١)بە نمرەی ئازادی (٥٢)، لێرەدا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی بەرز بەدیدەکرێت، ناوەندی ژمێرەیی (٢١٢.٥١)بە لادانی پێوەری (١٣.٦٥)،بە بەراورد بە کۆمەڵەی نزم ناوەندی ژمێرەیی (١٣٦.٢٩)بوو بە لادانی پێوەری،

(١٧.٤٧)هەروەک لەخشتەی (4)ڕونکراوەتەوە،بەم جۆرەش دەتوانین بڵێین برگەکان توانای جیاکردنەوەیان لە نێوان ئەو تاکانەی کە ئاسوودەن لە خوێندنی زانکۆیدا لەگەڵ ئەو تاکانەی ئاسوودەنین لەگەڵ خوێندنی زانکۆدا.

خشتەی (4)

توانای جیاکاری بۆبڕگەکانی پێوانەی ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا

| پێوانە | کۆمەڵە | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری Sig | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا | بەرز | 27 | 212.51 | 13.65 | 17.86 | 0.001 | 0.05 |
| | نزم | 27 | 136.29 | 17.47 | | | |

١. دیاریکردنی جێگیری( Reliability):-

٢. بۆدیاریکردنی جێگیری پێوانەکە چەند ڕێگایەک بەکارهێنرا وەک:-

**ڕێگەی دووبارە جێبەجێکردن (Test- retest):**

تاقیکردنەوەیەکی ڕێکخراوی بابەتیە بە مەبەستی دەرخستنی چونیەکی و گونجاوی هەماهەنگی لە نێوان دوو پێوانەکردندا بۆ یەک بابەت لە دوو کاتی جیاواز لە بارودۆخی هاوشێوەدا، ئەم تاقیکردنەوەیە یارمەتیمان دەدات پشت بە پێوەرەکە ببەستین بۆ بەکارهێنان لەسەر نموونەیەکی گەورە (Aldridge, et al., 2017: 5). جێگیریی پێوانەکە بە شێوازی(Test-retest) ئاشکراکرا بۆ جاری یەکەم پێوانەکە بەسەر (٢٥) خوێندکار جێبەجێکرا، کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و پێکهاتبوون لە ڕەگەزی نێرومێ، توانرا دوای تێپەڕبوونی (١٤) ڕۆژ دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێبکرێتەوە، توێژەر توانی تەنیا (٢٢) خوێندکار لەو (٢٥) خوێندکارە وەدەستبخات، دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسن (Pearson) دۆزرایەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندیی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییە لە( ٠.٩٣ )، ئەمەش پەیوەندییەیکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکە بەرزە، هەروەک لە خشتەی (5)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (5)

جێگیری ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا بە ڕێگای دوبارەجێبەجێکردن

| ئەنجامدان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداریsig |
|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 22 | 177.05 | 27.49 | 0.93 | 0.001 |
| جاری دووەم | 22 | 170.92 | 23.97 | | |

## ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ (Alpha ’Cronbachs):-

ڕێگەی (Alpha ’Cronbachs) بۆ دیاریکردنی جێگیری چونیەکی ناوەکی بەکارهێنرا، لەبەر ئەمە پێوانەکە بەسەر (١٠٠) خوێندکاری نموونەی سەرەتایی دابەشکرا، ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگایە بریتی بوو لە ( ٠.٩٠)، ئەمەش جێگیریەکی گونجاوە.

## ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی (Split- Half Method) :

هۆکارێکی ئامارییە لە ڕێگای بەشکردنی پێوەرەکە بۆ دوو نیوەی یەکسان و پێوانەکردنی هەردوو نیوەکە بە یەکسانی و لە ڕێگای بەراوردکردنی ئەنجامی هەردوو نیوەکە بە یەکسانی (Chakrabartty,2013: 2322) جێگیری پێوانەکە دەستنیشانکرا بە ڕێگای سپلێت هالْف، بۆ ئەو مەبەستەش دوای جێبەجێکردن، پێوانەکە بەسەر نموونەی سەرەتاییدا پێکهاتبوو لە(١٠٠) خوێندکار لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندیی پیرسن (Pearson) دەرکەوت، بەهای پەیوەندیی بەشی یەکەم و دووەمی پێوانەکە بریتی بوو لە ( ٠.٧٩) ئەمەش بە جێگیریەکی پەسەند هەژماردەکرێت، لەبەر ئەوە پیرسن بۆ کەرتکردنی نیوەیی پێوانەکە بەکارهاتوە، بۆیە لە ڕێگای هاوکێشەی گیتمان (Guttmann) بەهای پەیوەندیی پیرسن ڕاستکرایەوە بوو بە (٠.٨٨) ئەمەش جێگیریەکی باشە، هەروەک لە خشتەی (6) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (6)

جێگیری پێوانەی ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا

| برگەکان | ژمارەی برگە | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پیرسن پێشراستکردنەوە | بەهای گێتمان دوابڕاستکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشی یەکەم | 11 | 50 | 38.47 | 8.85 | 0.79 | 0.88 |
| بەشی دووەم | 11 | 50 | 37.41 | 8.08 | | |

**پشکنینی داتا:**

بۆ ئەوەی بزانین داتاکەمان ئاساییە یاخود نائاسییە توێژەر ئەم دوو ڕێگایەی خوارەوەی گرتەبەر:

**یەکەم/ پێوەری (Skewness, Kurtosis):**

نمرەی (Skewness) بۆ پێوەری ئاسوودەیی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا بریتیە لە (-٠,٤٤)، و نمرەی (Kurtosis) بریتیە لە (٠,١٢). وەک لە شێوەی (1) دیارە.

شێوەی (1)

پێوەری (Skewness, Kurtosis) ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا

| Statistics | ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا |
|---|---|
| Valid | 199 |
| Missing | 0 |
| Mean | 86.0701 |
| Std. Deviation | 15.91489 |
| Skewness | -.447 |
| Std. Error of Skewness | .098 |
| Kurtosis | .126 |
| Std. Error of Kurtosis | .195 |

*نمرەی پێوەرەکە ئاماژە دەکات بەوەی داتاکە ئاساییە.

**دووەم: دەرئاسا (Outlier):**

نمرەی دەرئاسای پێوەری ئاسوودەیی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا بریتیە لە ڕێژەی (١٪).

**تایبەتمەندیی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی:**

پێوانەی (ئاسوودەیی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا) بە شێوەی کۆتایی لە (٢٢) بڕگە پێکدێت، بە شێوەیەکی گشتی بڕگەکان لای خوێندکاران ڕوونبوون، کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەیان بریتی بوو لە (٤:٠٠) خولەک، هەروەها بژاردەی وەڵامدانەوەکان لە ناوەڕۆکی بڕگەکان بە جۆری پێنج بژاردە داڕێژراوە، واتە (٥) بژاردە لە بەرانبەر بڕگەکان هەیە کە بریتین لە (هەمیشە-زۆرجار-هەندێجار-کەمجار-هەرگیز)، بەهای بژاردەکانیش بریتین لە (١،٢،٣،٤،٥)، سەرجەم بڕگەکانی پێوانەکە بڕگەی ئەرێنین، تاقیکردنەوەی ئاسایی و نۆرماڵ پلۆتو Test of homogeneity بۆ ئەنجامدراوە، پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی لە پاشکۆی (٢) خراوەتەڕوو.

**خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

**ئامانجی یەکەم/**لە توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ئاسوودەیی خوێندکاران لە خوێندنی قۆناغی زانکۆییدا لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤). بە شێوەیەکی گشتی، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (One Sample T-Test) لە بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی (٨٢.٧٤) بە لادانی پێوەری (١٦.١٢) لە بەرانبەر ناوەندی گریمانی (٦٦)، بەهای تائی (٩.٣٩) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠١) لە ڕێژەی هەڵەی (٠.٠٥) ئەوەش واتای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی ئاسوودەن لە خوێندنی قۆناغی زانکۆدا هەروەک لە خشتەی (٧) دا دیارە.

خشتەی (7)

ئاسودەی خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەردە لە خوێندنی زانکۆیدا

| پێوانە | ژ.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | نمرەی ئازاد | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆیدا | 199 | 82.74 | 16.12 | 66 | 198 | 9.39 | 0.001 | 0.05 |

بە ڕوانین لەو ئەنجامە و لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی ئامانجی یەکەمدا هەیە، دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی خوێندکاران ئاسوودەن لە خوێندنی زانکۆییدا، توێژەر پێیوایە ئەو ئەنجامە بە هۆکاری ئەو گرنگیپێدانەی ڕاگرایەتی و سەرۆکایەتیی زانکۆ دێت بە جێبەجێکردنی داواکاریەکانی خوێندکاران و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر و گرنگیدان بە پشتێنەی سەوز و باخچە و پارکی زانکۆ وای لە خوێندکاران کردوە هەست بکەن لە ئەو پەڕی ئاسوودەییدان لە خوێندنی زانکۆییدا، ئەو ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (سلیم و عزیز، ٢٠١٨) بە ناونیشانی ئاسوودەیی دەروونی لە زانکۆ بە گوێرەی هەندێ گۆڕاوی دیمۆگرافی، و پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (عبدالمطلیب، ٢٠٢٣) بە ناونیشانی ئاستی هەستکردن بە ئاسوودەیی لای خوێندکارانی زانکۆ دوای پەتای کۆڤید١٩- بە پێی هەندێ گۆڕاو.

ئامانجی دووەم/ زانینی ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆییدا لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز. دوای شیکارکردنی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T.Test ) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئاسوودەیی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆییدا بۆ ڕەگەزی نێر بریتیە (٨٠.٥٠) بە لادانی پێوەری (١٦.٣٤) و ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی مێ بریتیە (٨٥.١٩) بە لادانی پێوەری (١٥.٥٥)و بەهای تائیی (٢.٠٦) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٩) و نمرەی ئازادی (١٩٥) لێرەدا دەردەکەوێت بە پێی

گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئامارە نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆییدا وەک لە خشتەی (٨)دا دەردەکەوێت.

خشتەی(8)

دەرخستنی جیاوازی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆیدا بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز

| ئاسودەی لە خوێندنی قۆناغی زانکۆیدا | ڕەگەز | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 101 | 80.50 | 16.34 | 195 | 2.06 | 0.09 | %5 |
| | مێ | 96 | 85.19 | 15.55 | | | | |

ئامانجی سێیەم/ بەراوردی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە لە ئاستی ئاسوودەییان لە خوێندنی زانکۆدا لە زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤): دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (One Way Anova) لە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی بەشی خوێندنی ئاینی (٨٦.٠٤) بە لادانی پێوەری ( ١١.٣٦) لە بەرانبەر بەشی پەروەردە و دەروونزانی کە ناوەندی ژمێرەیی (٨٧.٦٦) بە لادانی پێوەری (٢٠.٤٨) هەروەها بەشی (جوگرافیا) کە ناوەندی ژمێرەیی (٧٧.٣٧) بە لادانی پێوەری (١٦.٨٠) و بەشی مێژوو ناوەندی ژمێرەییەکەی (٨٠.٩٧) لە بەرانبەر لادانی پێوەری (١٥.١١) و بەشی عەرەبی ناوەندی ژمێرەیی (٨٢.٩٣) لادانی پێوەری (١٤.٣٨) لە بەرانبەر بەشی کوردی کە ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتیە لە (٧٨.٦٤) و لادانی پێوەری (١٥.٣٣) و کۆتا بەشیش کە بەشی ئینگلیزیە ناوەندی ژمێرەیی (٨٩.٤٦) لادانی پێوەری (١٦.٤٤) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) دەرکەوت بەڵگەداریەکەی بریتیە لە (٠.٠٢) کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکارانی بەشەکانی ئینگلیزی لەگەڵ خوێندکارانی بەشی جوگرافیا هەیە و جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندیی بەشی (ئینگلیزی)ە و جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بەشەکانی کوردی و ئینگلیزیش بەدەردەکەوێت کە جیاوازیەکە لە بەرژەوەندیی بەشی (ئینگلیزی)ە واتە خوێندکارانی بەشی ئینگلیزی بەراورد بە خوێندکارانی بەشەکانی جوگرافیا و کوردی زۆرتر ئاسوودەن لە خوێندنی زانکۆییدا ئەوەی جێگای سەرنجە هەریەک لە بەشەکانی خوێندنی ئاینی و پەروەردە و دەروونزانی لە ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆدا وەک یەکن، بەهەمان شێوە بەشی ئینگلیزی و دەروونزانی پەروەردەیی لە ئاسوودەییان لە خوێندنی زانکۆدا وەک یەکن کە پەیوەندیەکەیان

تەواوە (١.٠٠). وەک لە خشتەکانی (٩)و (١٠) ڕونکراوەتەوە بۆ دەرخستنی ئاستی بەڵگەداری لە نێوان بەشەکان توێژەر (Tukey) لە (Post hock test) بەکارهێناوە ئەنجامەکەشی لە خشتەی (١١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (9)

ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە

| بەشەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| خوێندنی ئاینی | 21 | 86.04 | 11.36 |
| پەروەردەی دەروونزانی | 18 | 87.66 | 20.48 |
| جوگرافیا | 34 | 77.38 | 16.80 |
| مێژوو | 31 | 80.97 | 15.11 |
| عەرەبی | 26 | 82.93 | 14.38 |
| کوردی | 32 | 78.64 | 15.33 |
| ئینگلیزی | 37 | 89.46 | 16.44 |

خشتەی (10)

ئەنجامی anova سەبارەت بە بەشەکان

| ئاسودەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆیدا | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دوجا | F | ئاستی بەڵگەداری | Sig. (2-tailed) | ئامارەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 51487.93 | 192 | 621.73 | 2.500 | 0.05 | 0.02 | بەڵگەدارە |

خشتەی (11)

ئاستی بەڵگەداری لە نێوان بەشەکان (Tukey) لە (Post hock test)

| بەش | | ئاستی بەڵگەداری | Sig. (2-tailed) | ئامازەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| خوێندنی ئاینی | پەروەردەو دەروونزانی | 0.05 | 1.00 | بەڵگەدار نییە |
| | جوگرافیا | 0.05 | 0.45 | بەڵگەدار نییە |
| | مێژوو | 0.05 | 0.90 | بەڵگەدار نییە |
| | عەرەبی | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | کوردی | 0.05 | 0.60 | بەڵگەدار نییە |
| | ئینگلیزی | 0.05 | 0.98 | بەڵگەدار نییە |
| پەروەردەو دەروونزانی | خوێندنی ئاینی | 0.05 | 1.00 | بەڵگەدار نییە |
| | جوگرافیا | 0.05 | 0.30 | بەڵگەدار نییە |
| | مێژوو | 0.05 | 0.77 | بەڵگەدار نییە |
| | عەرەبی | 0.05 | 0.95 | بەڵگەدار نییە |
| | کوردی | 0.05 | 0.42 | بەڵگەدار نییە |
| | ئینگلیزی | 0.05 | 1.00 | بەڵگەدار نییە |
| جوگرافیا | خوێندنی ئاینی | 0.05 | 0.45 | بەڵگەدار نییە |
| | پەروەردەو دەروونزانی | 0.05 | 0.30 | بەڵگەدار نییە |
| | مێژوو | 0.05 | 0.97 | بەڵگەدار نییە |
| | عەرەبی | 0.05 | 0.84 | بەڵگەدار نییە |
| | کوردی | 0.05 | 1.00 | بەڵگەدار نییە |
| | ئینگلیزی | 0.05 | 0.04 | بەڵگەدارە |
| مێژوو | خوێندنی ئاینی | 0.05 | 0.98 | بەڵگەدار نییە |
| | پەروەردەو دەروونزانی | 0.05 | 0.77 | بەڵگەدار نییە |
| | جوگرافیا | 0.05 | 0.97 | بەڵگەدار نییە |
| | عەرەبی | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | کوردی | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | ئینگلیزی | 0.05 | 0.30 | بەڵگەدار نییە |
| عەرەبی | خوێندنی ئاینی | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | پەروەردەو دەروونزانی | 0.05 | 0.95 | بەڵگەدار نییە |
| | جوگرافیا | 0.05 | 0.84 | بەڵگەدار نییە |
| | مێژوو | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | کوردی | 0.05 | 0.93 | بەڵگەدار نییە |
| | ئینگلیزی | 0.05 | 0.70 | بەڵگەدار نییە |
| کوردی | خوێندنی ئاینی | 0.05 | 0.60 | بەڵگەدار نییە |
| | پەروەردەو دەروونزانی | 0.05 | 0.42 | بەڵگەدار نییە |
| | جوگرافیا | 0.05 | 1.00 | بەڵگەدار نییە |
| | مێژوو | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | عەرەبی | 0.05 | 0.99 | بەڵگەدار نییە |
| | ئینگلیزی | 0.05 | 0.07 | بەڵگەدارنییە |
| ئینگلیزی | خوێندنی ئاینی | 0.05 | 0.98 | بەڵگەدار نییە |
| | پەروەردەو دەروونزانی | 0.05 | 1.00 | بەڵگەدار نییە |
| | جوگرافیا | 0.05 | 0.04 | بەڵگەدارە |
| | مێژوو | 0.05 | 0.30 | بەڵگەدار نییە |
| | عەرەبی | 0.05 | 0.70 | بەڵگەدار نییە |
| | کوردی | 0.05 | 0.07 | بەڵگەدارنییە |

**دەرئەنجام:** دوای خستنەڕووی ئەنجامەکان توێژەر گەیشت بەو دەرئەنجامەی خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی ئاسوودەن لە خوێندنی زانکۆییدا، خوێندکارانی بەشی ئینگلیزی بەراورد بە سەرجەم بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە ئاسوودەترن لە خوێندنی زانکۆییدا، خوێندکارانی بەشەکانی جوگرافیا و کوردی وەک یەک ئاسوودە نین لە خوێندنی زانکۆییدا، لە ڕووی پەیوەندیشەوە بەشەکانی دەروونزانی و ئینگلیزی پەیوەندیەکەیان تەواوە، بەهەمان شێوە بەشەکانی پەروەردە و دەروونزانی و خوێندنی ئاینی هەمان پەیوەندییان هەیە.

**ڕاسپاردە و پێشنیاز**

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەر ئەنجامەی سەرەوە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەخاتەڕوو:**

١- بەڕێز سەرۆکی زانکۆ پەرەبدات بە زیادکردنی چالاکیەکانی خوێندکاران لەناو زانکۆدا بۆ ئەوەی خوێندکاران هەر بە ئاسوودەیی بمێننەوە.

٢- ڕاگرایەتیی فاکەڵتیی پەروەردە ئەو گرنگییدانەی بۆ بەشەکان هەیەتی پەرەپیبدات لەپێناو زیاتر هەستکردن بە ئاسوودەیی لەلایەن خوێندکارانەوە.

**پێشنیازەکان: لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا پێشنیازی ئەو ناونیشانانە دەکرێت بۆ توێژەرانی داهاتوو.**

١- توێژینەوەیەک بە هەمان ناونیشان ئەنجامبدرێت بە مەرجێک هەموو خوێندکارانی فاکەڵتیە جیاوازەکانی زانکۆ بەشداربن وەک نموونەی توێژینەوە.

٢- توێژینەوەیەک بە ناونیشانی هەستکردن بە ئاسوودەیی و پەیوەندی بە ڕێزگرتن لە بەرانبەر لای خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامبدرێت.

**پاشکۆی (1)**

**ناوی شارەزایان بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی**

| پسپۆری | ناوی سیانی شارەزا | ژ |
|---|---|---|
| پەروەردەو پێداگۆجی گشتی | پ.د.جبار احمد عبدالرحمن | 1 |
| ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی گشتی | پ.د.کاوە علی محمد | 2 |
| دەروونزانی پەروەردەیی | پ.ی.د. خالید اسماعیل مصطفی | 3 |
| دەروونزانی کەسایەتی | پ.ی.د. جوان نوری رسول | 4 |
| میدیای پەروەردەیی | پ.ی.د. جوان بهاءالدین علی | 5 |
| ڕێگاکانی وانە وتنەوە | پ.ی.د. بەهات عبدالرزاق | 6 |
| دەروونزانی کۆمەڵایەتی | پ.ی.د. ئالان صلاح سعدی | 7 |
| ڕێگاکانی وانە وتنەوە | د.م. محمد ناسر مصطفی | 8 |
| ڕێگاکانی وانە وتنەوە | د. سیپەر رزگار رزاق | 9 |
| دەروونزانی گشتی | د. هاژە طە محمد | 10 |

پاشکۆی(2)

پێوانەی ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆدا بە شێوەی کۆتایی

خوێندکاری ئازیز.......

ئەو پێوانەی لە بەردەستتدایە لەژێر ناونیشانی (بەراوردی ئاستی هەستکردن بە ئاسوودەیی لە خوێندنی زانکۆ لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەپێی هەندێ گۆڕاوی دیمۆگرافی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) کە تیایدا توێژەر پێوانەکەی ئامادە کردوە، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە بەڕێزتان دەکات کە نیشانەی ( √ ) لە بەرانبەر ئەو بژاردەیەدا دابنێی کە گوزارشت لە بیروبۆچوونی بەڕێزتان دەکات، ئەم فۆرمە بۆ مەبەستی زانستیە و پێویست بە نووسینی ناو ناکات، هاوکاریکردنت خزمەتکردنە بە زانست.

لەگەڵ ڕێزدا....

پسپۆڕی خوێندن: ئەو بەشەی کە لێی دەخوێنی(                                        )

قۆناغ :   یەکەم (          )          دووەم (        )     سێیەم (        )          چوارەم (      )

توێژەر

شەهێن رۆوف عولا

| ژ | بڕگە | هەمیشە | زۆرجار | هەندێجار | کەمجار | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دڵخۆشم لەم زانکۆیە دەخوێنم | | | | | |
| 2 | ئەگەر هەڵبژاردن بخرێتە بەردەستم هەر هەمان زانکۆ هەڵدەبژێرمەوە. | | | | | |
| 3 | بەتەواوی ئاسوودەم لەگەڵ شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستاکان | | | | | |
| 4 | کەمپەسی زانکۆ لە ئاست چاوەڕوانییەکانمدایە | | | | | |
| 5 | لەوباوەڕەدام زانکۆکەم دەگەیەنێت بە ئامانجەکەم. | | | | | |
| 6 | زانکۆ وام لێدەکات زیاتر متمانەم بەخۆم هەبێت | | | | | |
| 7 | خوێندنی زانکۆی وایلێکردووم بەدوای زانیاری بگەڕێم. | | | | | |
| 8 | بەشداری چالاکییەکان وەک وەرزش یان پێشانگاکان، پەیوەست بە زانکۆ دەکەم | | | | | |
| 9 | هەست بە پارێزراوی دەروونی و جەستەی دەکەم لەناو زانکۆدا | | | | | |
| 10 | ژووری وانە خوێندن گونجاو و ئاسودەیە | | | | | |
| 11 | کتێبخانەی زانکۆم زۆر گونجاوە لەڕووی هەمەجۆری سەرچاوەکان | | | | | |
| 12 | خواردنەکانی کافتریا نرخیان گونجاوە | | | | | |
| 13 | مامۆستاکان کارامەن لەپسپۆڕی خۆیان زۆر زانیاریم پێدەبەخشن | | | | | |
| 14 | وای دەبینم خوێندن لەم زانکۆیە دەرفەتی دۆزینەوەی کارم بۆ ئاسان دەکات. | | | | | |
| 15 | توانا و حەز و ئارەزووم لەگەڵ خوێندنی زانکۆ دەگونجێت. | | | | | |
| 16 | کۆمەڵگە بە چاوی ڕێزەوە سەیرمدەکەن چونکە لە زانکۆ دەخوێنم | | | | | |
| 17 | زانکۆ تێڕوانینێکی ئەرێنی پێبەخشیم بۆ ژیان | | | | | |
| 18 | زانکۆ هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانم. | | | | | |
| 19 | زانکۆ هۆکارێکە بۆ فێربوونی زمانی تر. | | | | | |
| 20 | خوێندنی زانکۆ کاریگەری باشی هەیە لەسەر دەروونم . | | | | | |
| 21 | پارکی زانکۆم زۆر سەرنج ڕاکێشە. | | | | | |
| 22 | من لە خوێندنی زانکۆ بە تەواوی ئاسودەم . | | | | | |

## سەرچاوەکان

عولا،شەهێن رؤوف(٢٠٢٢) **خودکارایی ئەکادیمی لای خوێندکاران و پەیوەندی بە ئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان لە زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢**، نامەی ماستەر،بەشی پەروەروەردەو دەروونزانی فاکەڵتی پەروەردە ،زانکۆی کۆیە.

الجبورى،سعد جويد الكاظم. واخرون (٢٠١٢) **اتجاهات طلبة قسم التاريخ نحو تخصصهم عينة من طلبة جامعة دمشق,**رسالة ماجستر منشورة, استرجع من الموقع http://mohe.gov.sy/master/Message/Mc/soad%20alrbaai.pdf بالتاريخ ٢٠-١٢-٢٠٢٣ .

، جامعة بابل، استرجع من الموقع https://www.uobabylon.edu.iq/publications/basic_edition16 بالتأريخ ٢٠٢٣/٣/١٠.

الرباعي, سعاد ياسين(٢٠١٤). **الشعور بالسعادة و عالقته بالعوامل خمسة الكبرى** رسالة ماجستير منشورة استرجع من الموقع http://mohe.gov.sy/master/Message/Mc/soad%20alrbaai.pdf بالتاريخ ٢٠-١٢-٢٠٢٣.

الزبيدى، كامل علوان (٢٠٠٣) **علم النفس الاجتماعى،** مكتبة وراق،عمان-الاردن.

أحمد مظهر عبد الكريم, سليم, إسحاق فيصل and عزيز, ٢٠١٨. السعادة النفسية عند طلبة الجامعة. الأمين أحمد محمد, م.. محمد, مخيمر أبو زيد, خضر, تامر بشرى, صمويل, صلاح عبد المحسن and علي, ٢٠٢٢. تقنية الحرية النفسية لعلاج قصورالانتباه مفرط الحركة لدى الطالبات ضعاف السمع دراسة تحليلية كلينيكية. *دراسات في الارشاد النفسي والتربوي*, *٥*(٢), pp.163-204.

عاشور. خويلد اسماء(٢٠٠٨) **العينة في بحوث العلوم الإنسانية** مقالة اكاديمية من جامعة زيان فى الجزائير،استرجع من الموقع https://www.maktabtk.com/blog/post/1207

عبد الخالق، أحمد محمد؛ وأخرون (٢٠٠٣). **معدلات السعادة لدى عينات عمرية مختلفة** من المجتمع الكويتي. دراسات نفسية،القاهرة. وفقا لبعض المتغيرات, الجامعة كربلاء, استرجع من الموقع https://www.iasj.net/iasj/download/9f4a160b9ea9826c بالتأريخ ٢٠٢٣/٣/١١.

عبد المطلب عبد ال, ٢٠٢٣. مستوى الشعور بالسعادة لدى طلبة جامعة الكويت بعد جائحة كوفيد-١٩ في ضوء بعض المتغيرات. *Psychological & Journal of Educational Studies/Magallat Al-Dirasat Al-Tarbawiyyat Wa-Al-Bafsiyyat*, ١٧(٣).

العمراني، عبدالغني محمد اسماعيل(٢٠١٣). **اساسيات بحث التربوي**،ط١،دار الكتاب الجامعي،صنعا.

وفية جبار محمد الياسري, علي كاظم ياسين المحنّه and زينب عدنان ناظم محمد, ٢٠١٥. اثر التفكير التأملي في اكتساب المفاهيم البلاغية لدى طالبات الصف الخامس الأدبي. *Journal of Education College Wasit University*, ١(٢٠), pp.419-476.

قاطع،قيصر جبار(٢٠٢١) **إجرات الصدق والثبات**، ارتيكل ريفيو، جامعة بغداد، استرجع من موقع https://www.researchgate.net/publication/354149812_ajraat_alsdq_walthbat

قحطان، محمد على واخرون(١٩٧٧) **علم النفس الاجتماعى**، مطبعة مجد،السعودية.

كوافحة, ت.م., ٢٠١٠. القياس والتقييم واساليب القياس والتشخيص في التربية الخاصة, ط ٣, عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

Abdullah, F., 2006. The development of HEdPERF: A new measuring instrument of service quality for the higher education sector. *International journal of consumer studies*, *30*(6).

Aldridge, V.K., Dovey, T.M. and Wade, A., 2017. Assessing test-retest reliability of psychological measures. *European Psychologist*.Block, N., 1995. On a confusion about a function of consciousness. *Behavioral and brain sciences*, *18*(2), pp.227-247..

Donohue, D.K. and Bornman, J., 2021. Academic well-being in higher education: A cross-country analysis of the relationship between perceptions of instruction and academic well-being. *Frontiers in psychology*, *12*, p.766307. Chakrabartty, S.N., 2013. Best split-half and maximum reliability. *IOSR Journal of Research & Method in Education*, *3*(1), pp.1-8. Cherry, K., 2023. The components of attitude. *Verywell Mind*.

Colman, A.M., 2015. *A dictionary of psychology*. Oxford University Press, USA..

Connell, J., Carlton, J., Grundy, A., Taylor Buck, E., Keetharuth, A.D., Ricketts, T., Barkham, M., Robotham, D., Rose, D. and Brazier, J., 2018. The importance of content and face validity in instrument development: lessons learnt from service users when developing the Recovering Quality of Life measure (ReQoL). *Quality of life research*, *27*, pp.1893-1902.Currie, C., Zanotti, C., Morgan, A., Currie, D., De Looze, M., Roberts, C., Samdal, O., Smith, O.R. and Barnekow, V., 2009. Social determinants of health and well-being among young people. *Health Behaviour in School-aged Children (HBSC) study: international report from the*, *2010*, p.271.Davis, T., 2019. What is well-being? Definition, types, and well-being skills. *Psychology today*, *2*.Martin, E.A. ed., 2015. *Concise colour medical dictionary*. Oxford University Press. Huber, M.T., 2005. The advancement of learning: Building the teaching commons.Malik, S. and Saida, J., 2013. Gender differences in self-esteem and happiness among university students. *International Journal of Development and Sustainability*, *2*(1), pp.445-454..

Mubarok, F. and Pierewan, A.C., 2020. Well-being and academic achievement on students in city of Yogyakarta. *Ecopsy*, *7*(1), p.374690.Seligman, M.E. and Royzman, E., 2003. Happiness: The three traditional theories. *Authentic happiness newsletter*, (July)..

Stodnick, M. and Rogers, P., 2008. Using SERVQUAL to measure the quality of the classroom experience. *Decision Sciences Journal of Innovative Education*, *6*(1), pp.115-133.Teeroovengadum, V., Kamalanabhan, T.J. and Seebaluck, A.K., 2016. Measuring service quality in higher education: Development of a hierarchical model (HESQUAL). *Quality Assurance in Education*, *24*(2), pp.244-258..

VandenBos, G.R., 2018. The American Psychological Association's knowledge dissemination program: An overview of 125 years.

Alobady, N.G.K., 2023. The effect of psychological comfort in reducing the phenomenon of job leakage, applied research in the Ministry of Industry and Minerals. *University of Kirkuk Journal For Administrative and Economic Science*, *13*(2)..

Rajabimashhadi, Z., Gallo, N., Salvatore, L. and Lionetto, F., 2023. Collagen derived from fish industr waste: progresses and challenges. *Polymers*, *15*(3), p.544..

Yılmaz, D.V., 2019. UnilQual: University Life Quality Scale. *OPUS International Journal of Society Researches*, *10*(17), pp.923-948.

مستوى الراحة في الدراسة الجامعي لدى طلاب الجاميعة كوية – كمثل كلية التربية بالجامعية كوية

الباحثة: شهين رؤوف عولا Shahen.rawf@koyauniversity.org

قسم التربية وعيلم النفس /فاكلتي التربية/ جامعة كوية

الملخص

هدف الرئيسي للبحث الحالي هو معريفة مستوى الراحة في الدراسة مرحلة الجامعية لدى طلاب كلية التربية بشكل عام، ومعريفة فروق بين ذكور والاناث فى المستوا الراحة من الدراسة مرحلة الجامعية، ومقارنة أقسام كلية التربية في مستوى الراحة من الدراسة فى مرحلة الجامعية, حيث يتمثل مجتمع البحث من طلبة فاكلتى التربية, فيما يتكون مجتمع البحث (١١١٠) طالب وطالبة,منهج البحث الوصفي (المقارن), تم اختيارعينة (١٩٩) طالب وطالبة بشكل عشوائية كلطبقية مناسيبة ، وأداة جمع البيانات عبارة عن استبيان إعداد الباحثة, الوسائل الاحسائية تستخدم ( One Sample T Test, ANOVA, Mean, SD) وأظهرت النتائج أن طلاب كلية التربية مرتاحون في الدراسات المرحلة الجامعية، لا توجد فروق ذات دلالة إحصائية بين ذكور والاناث في مدى ارتياحهم للتعليم مرحلة الجامعي، أقسام اللغة الإنجليزية أكثر راحة من أقسام الجغرافيا والكردية، طلاب أقسام التربية وعلم النفس واللغة الإنجليزية لديهم نفس المستوى الطلاب في أقسام الدراسات الدينية والتربية وعلم النفس يشعرون براحة متساوية للدراسة في المرحلة الجامعة، في حين أن أقسام الجغرافيا والكردية لديهم نفس المستوى مستوى الراحة. وفي ضوء النتائج تم تقديم عدة مقترحات والتوصيات.

**الكلمات المفتاحية**: الراحة, الدراسة,الجامعية, الطلبة, أقسام كلية التربية.